# دارستانی گۆرێلئاوا



نوسینی دەروونناس: فاروق عبدالعزیز

دارستانی گۆرێلئاوا

نوسینی فاروق عبدالعزیز

سلێمانی 2008



**ئەم بەرهەمە پێشکەشە بە:**

**منداڵە خۆشەویستەکان**

**ناوی کتێب: دارستانی گۆریلئاوا**

**بابەت: چیرۆك بۆ منداڵانی 9 ساڵ بەرەو ژوور**

**نووسینی : (دەروونناس) فاروق عبدالعزیز**

**تیراژ:**

**چاپی یەکەم:2008**

**وێنەکان لە ئەنتەرنێتەوە: دالیا ڕەعد و**

**ئەژین قودسی**

**پێداچونەوە: کاك د.خێراللە و**

**کاك ئەژین حمە نوری**

**کۆمپیوتەر و دیزاین : سازگار**

**ژمارەی سپاردن: (2386)ی وەزارەتی ڕۆشنبیری**

**پێدراوە**

سوپاس و پێزانین بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە هاوکاربوون لە سەرکەوتنی ئەم بەرهەمەدا

## سەرەتا:

هاوریٚ چاوگەشەکەم سلاٚو ئەوکاتەت شاد ..

دەزانی کتێب هاوڕێیەکی بەسودە ! قسەی زۆر و ئامۆژگاری و هەروەها شتی زۆرمان فێر دەکات زمانیشی نیە و هیچ ئەرکێکیشی نیە یارێکی میهرەبانە, با تۆش لە کتێب غافلٚ نەبیت و لەبیری نەکەی هەر لە قۆناغی منداڵیەوە لەگەڵیدا پەیمانی هاوڕێی ببەستە و بڕێك لە پارەکەت بۆ کڕینی کتێبی تایبەت بە خۆت تەرخان بکە و ساتو کاتێکی ڕۆژانەت بۆ خوێندنەوەی کتێب دیاری بکە ...

من وتۆ یەکترمان نەبینیوە بەم کتێبەی لەبەر دەستدایە چیرۆکت بۆ دەگێڕمەوە و پەیوەندی هاوڕێیت لەگەڵ دەبەستم و پێت دەڵێم: (من تۆم خۆش دەوێت) حەز لە بەختەوەریت دەکەم بە هیوام ئەو ساتانەی کە چیرۆکەکە دەخوێنیتەوە هەست بەوە بکەیت کە چەندە ڕێز و خۆشەویستیم بۆت هەیە.

بە ئومێدی سەرکەوتن.... هاوڕێت   فاروق.

**دارستانی گۆریٚلئاوا:**

هەبوو.. نەبوو... لەم جیهانە پانوبەرینەدا دارستانێکی ڕێکوپێك و جوان و ڕازاوە و سەرنجراکێش هەبوو..







هەموو بونەوەران ئاواتە خواز بوون کە لە ژێر سێبەری دارەجوانەکان و لەسەر زەویە ڕازاوەکەی ئەو دارستانە دابژین, هەندیٚ لەوانە دەستیان کرد بە پرسیار و هۆی سەرکەوتویی و گەشەسەندویی و خۆشگوزەرانی و بەختەوەری ئەو دارستانە لە چیدایە ؟!

کاتێك بەدوای وەلاٚمی پرسیارەکەدا ڕۆیشتن و بینیان لە هەمەچەشن و جۆرێکی جیاواز بوونەوەر جگە لە مرۆڤی تێدایە, رابەر و لیٚپرسراوی ئەو دارستانەش گۆریٚلایەکی بەڕێزە....



لە ڕاپرسیدا دانیشتوانی دارستانەکە ووتیان: ئەم ژیانە و خۆش و جوانەمان لە زانایی و دادپەروەری و خۆنەویستی و خۆشەویستی و ماندونەناسی و بڕوا بەخۆبوویی و خۆڕاگری ئەوە کە ژیرانەپلان و نەخشەی بۆ داناوین و زانایانە ئامۆژگاری کردوین کە چۆن بژین و چێژ لە ژیان وەرگرین...!



زانایانی بواری ئاژەڵ لەوە سەریان سوڕما چونکی گۆرێل ئاژەڵێکی زلهێزە کاتێك تورە دەبێت دار لە ڕەگوڕیشە دەردەهێنێت..

شارەزای مەیمونەکان ووتی: دەزانن مەیمونەکان قەبارەی مێشکیان لە مێشکی مرۆڤەوە نزیکە و





ئەوانیش بە کۆمەڵ دەژین و هەست و سۆزیان هەیە و دەتوانن باش فێربن و بەڕاهێنان پەروەردە بکرێن و هەڵسوکەوت و دابونەریتی ئاژەڵی لە خۆیان کەم بکەنەوە و چاك پەروەردە ببن؟!

با هەندێ باسی بەسەرهاتی ئەو گۆرێلە بەڕێزەتان بۆ بکەم: ئەو ئاژەڵێکی تاقانە و کەم وێنەیە:



لە باوك و دایکێکی ئازا و زەحمەتکێش بووە کە پێش ئەوەی بەیەك بگەن و ژیانی هاوبەش دابمەزرێنن, یەکتریان باش ناسیوە و

خۆشەویستیان ئاڵوگۆڕ کردووە و بە ڕەنجی شان و ماندوبوون پێداویستیەکانی ژیانیان پێکهێناوە و مافی یەکتریان پاراستوە و ڕێزیان لەیەك



گرتووە و ئەرکەکانی خۆیان بە ڕێکوپێکی ئەنجامداوە, کاتێك ئەویش لەدایك بوو هەر لە کۆرپەلەییەوە پێداویستی نیازەکانیان بۆ دابینکردوە و لە باوەشی گەرم و نەرم ونیان بە سۆز و میهرەبانیەوە گەورەیان کردووە و ناوی جوانیان لێناوە و هەر لە بەچکەییەوە ئەرك و مافەکانیان پێناساندوە و فێری چۆنیەتی ژیانیان لە ناو خێزان و ناو کۆمەڵدا کردووە, واتە هەم پێویستیە جەستەیی و دیاریەکان و هەم پێویستیە دەرونی و شاراوەکانیان بۆ





دابینکردوە گۆرێلا هەر لە بەچکەییەوە سەربەخۆ و لەسەر پێی خۆی ڕاوەستاوە . فێر بوو لە خۆبایی نەبێت و زوو هەڵنەچێت و ئەو شتانەی کە بۆخۆی دەیەوێ بۆ



هاوڕێو هاو چەشنەکانی تریشی بوێت. لە چەوساندنەوە و دەسەڵات خوازی و پێشێلکەرانی ماف و لاری و ناحەزەکان ڕقی بێ, حەز لە خزمەتگوزاری و گەشەکردنی کۆمەڵی هاوچەشنی بکات.

گۆرێلا لە قۆناغی لاویدا چوو بەناو دارستانەکانی تردا گەڕا... ئاژاوە و شەڕ و شۆڕ و ناهێمنی و بێ یاسایی و هەروەها دادخوازی و دادپەروەری (واتە هەم خراپەکان

و هەم چاکەکانی بینی) لە هەرکامێك لەوانە وانەیەکی باشی وەرگرت .. لە خراپە و لاریەکان دووری کرد و باشەکانی کردە خووڕەوشتی خۆی و بەکردەوە ئەنجامیدا, دەستی کرد بە یارمەتی چەوساوە و لێقەوماوەکان و بۆ ساتێك لەژیانی لە خزمەتگوزاری لای نەدا.



گۆرێلا لە دەرئەنجامی زلهێزە چەوسێنەر و فێڵبز و مافپێشێلکەرەکان و فێڵ و تەڵەکەی ئەوان وانەی دادپەروەری و دادخوازی هەڵبژاردبوو. دەردی دەردەداران و پیران و پەککەوتوان و ئازاری بێ باوك و دایك و بێ سەرپەرشتان و ئەوانەی کە هیلانە و ماڵوحاڵ





و هاوجوت و هاوڕێیان لەدەست دابوو هەروەها دەردی نەخۆشان و هەژاران و بێ کارانی ناسیبوو.



بە تەواوی خۆی بە ئەزمون و شارەزای تەواوی چین و توێژەکانی ژیان ڕاهێنابوو, ئەوەبوو خەم خۆر و خۆی بە ئەندامێکی خزمەتگوزاری کۆمەڵی ئاژەڵی دادەنا,

ڕەگەز پەرستی لانەبووبەیەکسانی بە بێ جیاوازی بەیەك چاو سەیری هەموو چەشن و جۆرێکی بوونەوەرانی دەکرد, کۆڵ نەدەر بوو فیز و فشەو منەتی بەسەر کەسدا نەدەکرد, کات و ساتی خۆی بۆ خزمەت و

گەشەکرد ن و پێشکەوتنی دارستان و دانیشتوانەکەی تەرخانکردبوو، لە کار و ئەرك و ڕەنجەشانی خۆی دەخوارد و چاوی بە ماڵو حاڵی کەسانی تر نەبوو .



گۆریلا لە قۆناغی گەنجی و تازە لاویدا لە لایەن مرۆڤەوە بەدیل گیرابوو،



سەرەتا لە شوێنێکی تایبەت لە باخچەی ئاژەڵان لە قەفەزێکی ئاسنیدا دانرابوو، بۆ سەیران و ناساندنی چەشنی بە منداڵان و دانرابوو،





وەبە باشی خزمەتدەکرا و منداڵان سەیریان دەکرد و ئەویش لە بینەرانی دەڕوانی!

لێپرسراوی باخچەکە لە بواری ئاژەڵناسیدا زانا و شارەزا و بلیمەت بوو بەرنامە و پلانی دانا و خۆی و ماموستاکانی دەستیانکرد بە پەروەردەی ئەو گۆریلە، ئەویش بەوپەروەردەیە زۆرخۆشحاڵ بوو بە تەواوی گوێڕایەڵی و هاوکاری ماموستاکانی دەکرد و توانایی



و لێهاتوویی خۆی نیشان دەدا و بەو کارەبێتە خاوەنی ڕێز و خۆشەویستی تایبەت لای هەمووان، گەشەدەکات تا لە سێرکەوە سەر دەردەهێنێ.

پاش چەند ساڵێك كاركردن بە سەركەوتویی,دەرئەنجام كاربەدەستانی باخچە و سێرك دەڵێن:



بەسە ئیتر با ئەو گۆرێلایە ئازادی خۆی وەربگرێت و بگەڕێتەوە نێو دارستانەكەی و بەسەربەخۆیی لە نێو هاوچەشنانی خۆیدا بژی...

بۆیە گۆرێلا ئەمەكداری چاكەی مرۆڤی لە بیر نەدەچوو, زۆربەی زانیاری و شارەزایی و ئەزمونی خۆی بە قەرزاری ئەوان دادەنا و دەیووت:
مرۆڤ باشترین هەڵبژێردراوی بونەوەرەكانە كە بەهۆی ژیری و توانایی بیركردنەوە و وتارەوە بە گوڵی گوڵزارەكانی جیهان دانراوە.....





ئەوەیە سروشتی مرۆڤ لە پەری و فریشتە و هەندێك سیفاتی هاوبەشی لەگەڵ ئێمەی ئاژەڵدا هەیە, ئەگەر خۆیان بیانەوێت و بواریان بۆ بڕەخسێ ئەوا مرۆڤ لە پەری چاكتر دەبێت و هیچ بوونەوەرێكی پێ ناگات,



بەڵام ئەگەر مرۆڤ لادات و لاری و چەوتیەكان هەڵبژێرێت لە ئێمەی ئاژەڵ خراپتر و زۆرتر خراپە دەكات و كارەساتی وادەكات كە ئێمەی ئاژەڵیش سەرمان سوڕدەمێنێ چونكی خۆمان قەت ئەو كارانە ناكەین و بە باشیشی نازانین.. هەر لەبەر ئەوەیە مرۆڤە دادپەروەر و زاناكان ماف و ئەركیان بۆ خۆیان و ئێمەی ئاژەڵیش داناوە, بە گوێرەی یاساو ماف و ئەرك لەگەڵماندا كردەوە دەكەن. جا من هەر چاكە و باشیەكم

هەبێت لە مرۆڤەوە فێر بووم و ڕێز و خۆشەویستیم بۆ ئەوان و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ڕاستەقینە هەیە!!...

******

دارستانی گۆرێلئاوا دارستانێکی بەرفراوانە, چیاو بەرزایی و دەشت و پانتایی و سەوزی و وشکی و ڕووبار و جۆگە و تاڤگە و تاشە بەرد و لە هەمە چەشن و هەمە بابەتە. لە نێو ئەو دارستانەدا زیندەوەرانی ڕەنگاو ڕەنگ و هەمە







چەشنە بەدی دەکرا. شێوازی ژیان و ڕابوارد ن و خواردن و هەڵسوکەوت لە هەر چەشنێکدا تایبەتمەندی خۆی هەبوو...



هەندێ وردیلە و بچوك,

هەندێ گەورەوهەندێك مامناوەندی و دەستەیەك لاواز و برێك قەڵەو, گرووپێك باڵندەی هەمەچەشن و دەفڕین, گرووپێك بەسەر سكدا دەخزان و دەڕۆیشتن, هەندێك قونە قونیان دەكرد و هەندێك چوار دەست و پێ دەڕۆیشتن, ئیتر نازانم چۆن باسیان بكەم وەكو شاری فەرەنگ لە هەمە چەشن و هەمە ڕەنگێكی تیادا بەرچاو دەكەوت...



لەو دارستانەدا ڕابەری گشتی و دادوەری بالآیان گۆرێلای بەڕێز بوو, هەر

چەشنە لاری و تەنگ و چەڵەمە و کۆسپێك یان هەر چەشنە داخوازیەك هەبووایە دەگەیشتە گۆریلای بەڕێز.

هەروەها وتمان گۆریل لە چەشنی مەیمونەکانە و زلهێز و بەتوانایە, ئەوەیش روونە کە مەیمونەکان مێشکی پێشکەوتو فراوانتریان لە ئاژەڵی تر هەیە , هەر بەو بۆنەوەیە مافی داد پەروەری و سەرۆکی و رابەری کۆمەڵی بوونەوەران و دانیشتوانی دارستانەکەیان بەو



سپاردبوو بە خۆشەویستی و ڕێز ناوی ئەویان لە دارستانەکە نابوو....!

هاورێی ئازیز دیارە فیل و کەرکەدەن و زەرافە و



وشتر و بەراز و چوار پێکانی تر لە گۆریل زل ترن, شێر و بەور و پڵنگ





لە هێز و دڕندەیی و زلهێزی لەو بەهێزتر و گورگ



و ڕێوی و چەقەڵ و کەمتیار لەو خێراتر و ئازاتر و فێڵبازترن, هۆی توانایی رابەرێتی گۆریلای بەڕێز



لە خۆبوردویی و ددان بە خۆداگرتن و خەبات و تێکۆشان و زاناییانە بۆ داد پەروەری بەهانای زولمێکراوان و چەوساوەکان دەرۆیشت و لە خەموخەفەت و تەنگ و چەڵەمە و ئاستەنگ و کۆسپەکانی چین و توێژەکانی کۆمەڵە ئاژەڵیەکەیدا بەشداری دەکرد,.. لە پێشدا ووتمان گوریل ساردیو

گەرمی و بەسەرهاتی مێژوویی و بەرزی و نزمی و هەروەها چەشنی ژیانی دارستانەکانی تری بینیبوو, وەلە دەرئەنجام و بەسەرهاتی زاڵمان و ستەمکاران و زهلێزان خەبەری هەبوو.
بەباشی یاسای دارستانەکان و شەڕی مانەوەی ئاژەڵی دەزانی, بەش خوراوی و مافپێشێل کاری و سەرکوتکردنی بینیبوو,



جەرگبڕان و تالاَن و کوشتن و بڕین و قڕکردن و منداڵ کوژراوی دەرك کردبوو, خۆی برسێتی و تینوێتی و بێ کاری چەشتبوو باش دەیزانی ئەوانەی کە ئەوەیان بەسەر هاتووە حاڵیان چۆنە؟
ئەویش حاڵی هەمووانی دەزانی و بەبێ ئەوەی کەپێی بڵێن یان داوای یارمەتی لێبکەن بە دەم هەموانەوە دەچوو.





گۆریلای بەڕێز بەو کردەوە و ڕەفتارەی لە دڵی گەورە و بچوك و لاواز و بەهێزی دارستانەکەدا دەژیا, هەر لەبەر ئەوەبوو ئەو دارستانە نمونەی ژیانی جوان و ڕێکوپێك و دادپەروەری بوو لە نێوان دارستانەکاندا .ئەو دەیووت:



ئامانج و مەبەستی سەرەکی من خزمەتکردن بە ئێوەیە ئەو کاتەی من خۆشحاڵ دەبم کە هەڤاڵان و هاوڕێیانم لەوپەری ئاسایش و ساغی و خۆشگوزەرانیدا بژین, ئەو بڕوای بەخۆی هەبوو خۆی بەکەم و بچوك و زل نەدەزانی, بەفیز و فشەوە باڵی خۆی فش نەدەکردەوە, بەوەی کە

هەیبوو ڕازی بوو, تورەیی کە لە چەشنەکانی ئەودا سروشتی بوو بەڵام ئەو لە خۆیدا دایبەزاندبوو, ئەوەی کە دەیووت بە کردەوە دەیکرد, لەسەر بەڵێنی خۆیبوو, ئەو شتانەی کە بۆ خۆی نەیدەویست بۆ ئەندامانی دارستانەکەشی نەدەویست, خۆی خۆشدەویست و توانایی خۆشویستنی بەرامبەریشی هەبوو, زۆر لێبوردوو بوو, تۆڵەی نەدەسەند بەکردە نیشانی دەدا ئەندامی دارستان و هاوچەشنەکانی خۆش دەویست, مافی هەموو شت و هەموو بونەوەرانی دەپاراست, بەهێمنی و ڕێکوپێکی هەڵسوکەوتی دەکرد,



لە ڕەخنە و توانج ڕقی نەبوو هەر ئەندامێك هەڵە یان چەوتیەکی پێبوتایە ڕێزی لێدەگرت و سوپاسی دەکرد, مافی هاوڕێیانی





دەپاراست, هەموو چاکە و جوانی و باشی لە کردە و خووڕەوشتی ئەو گورێلایەدا خولقابوو, وای لێهاتبوو ئەگەر ستایش و پیاهەڵدانیان بکردایە خۆشحاڵو لە خۆبایی نەدەبوو خراپەیشیان پێبوتایە تورە و نیگەران نەدەبوو.



ڕۆژێ لەڕۆژان تەواوی ئەندامانی دارستانەکەی لە گۆڕەپانەکەدا کۆکردەوە پاش گەیاندنی ڕێز و سلاو

ووتی : منیش وەکو ئێوە ئەندامێکی خزمەتگوزاری هەموانم, خەون و ئاواتم چاکی و ساغی و تەبایی و ژیانی یەکسانە بۆ هەمووان, ئەگەر لە ئەرك و خزمەتەکاندا کەموکوڕی و هەڵە هەیە ڕاستەوخۆ پێم بڵێن, داواتان لێدەکەم هەر تاکە و ڕاوبۆچوونی خۆی دەربڕیٚ, بچوکترین بونەوەر وەکو مێشولە



و مێروولە  بەبیٚ جیاوازی هەمووتان لای من یەکسانن, لە ناخەوە هەمووتانم خۆشدەوێت, وەهیوام سەربەرزی و سەرکەوتنی هەمووتانە, زۆر سوپاسی خوای مەزن و دادوەر دەکەم کە بواری خزمەتی هاوچەشنی ئێوەی بەڕێز و خۆشەویستی بۆ من ڕەخساندوە, من بەبیٚ ئێوە وە بەبیٚ هاوکاری و یارمەتی ئێوە هیچ نیم و ناتوانم هیچ کارێك بکەم, منیش ئاژەڵم ئەگەر لەسەر ڕێگای ڕاست و شیاو وچاك لامدا

بە ئامۆژگاری بمخەنەوە سەر ڕێگا , هەتا ئێستا خۆتان دەزانن بەبیٚ ڕاوێژکاری من لە خۆمەوە هیچ کارێکم







نەکردوە, ئەوەیە داواتان لێدەکەم با هەر ئەندامێك لە ئاستی خۆیدا چاکترین و باشترین و خزمەتگوزارترین نوێنەری خۆی هەڵبژێریٚ با پێکەوە بنەڕەتی یاسایی گشتی و کۆمەڵی ئاژەڵی دارستانەکە داڕێژین وە لەمە بە دوا یاسا فەرماندە و سەروەر بێت و پێشێلکردنی یاساش سزای هەبێت, هەر ئەندامێکمان مافی تاکە کەس و مافی کۆمەڵی دارستانەکەمان بپارێزێت, ئامانجی سەرەکیمان گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی تاك و کۆمەڵی دارستانەکەمان بیٚ, کۆمەڵێکی ئازاد و چاك گەشەکردوو سەرکەوتوو بەهێز بەیەکسانی پێکەوە خۆش بژین و لەژیان چێژ وەرگرین.

جا هاوڕێی ئازیزم هەموو دانیشتوانی دارستانەکە لە هەموو چەشنەکان بە قسەی گۆریلایان کرد بە زووترین کات نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان هەڵبژارد و پارلەمانێکی تایبەتی ئاژەڵیان پێکهێنا و ئەوانیش یاسای بنەڕەتیان دانا, پاشان گوریل ڕێز و سوپاسی ئەرکی هەمووانی کرد و ووتی:

بۆ ئەنجامدانی کار و باری کارگێڕی و خزمەتگوزاری پێویستە دەوڵەتێکی تایبەت بە ئاژەڵیش دامەزرێنین, بە گوێرەی یاسا بۆ دانیشتوانی دارستانەکە.



پاشان ئاماژەی پێدا با پسپۆڕی و شارەزایی و لێهاتوویی و دەست پاکی و کارزانی و کردەوە چاکی ڕەچاوبکەین و ئیشەکان لە بوارە جیاوازەکاندا بە زانایان و دڵسۆزانی شارەزا لە بواری خۆیدا بسپێردرێت, بۆ نمونە پاراستنی سنور و







دەورو بەری دارستانەکە بە هەڵۆ و باز و واشە, بۆبەدەست هێنانی زانیاری و پاراستن قەلە ڕەش و پەپوسڵیمانی و بایەقوش,



بۆ پۆستە و گەیاندن ئەسپ و هێستر و گوێدرێژ





و کۆتر و قومری
بۆ بەرگری شێر و بەور و
پڵنگ و گورگ و مار و
دوپشك و مێشولە



و مێرولە و
زەردەواڵە و
ئەسپێی و کێچ و قالۆنچە و



سیسرکە و .....بۆ تەندروستی
مێشەنگ و بزن و مریشك و قاز و
مەڕو مانگا و



ئاسك, بۆ پۆلیس و پاسەوان سەگ و
پشیلە و چەقەڵ و ڕێوی
بۆ ئاگادارکردنەوە کەڵەشێرو قەلەڕەش و داڵ



و پەپوسلێمانە, بۆ فێرکاری و
پەروەردە مەیمەونەکان و مشك و
بۆق
, هەروەها بۆ باقی کارەکان توانین





و زانیاری ڕەچاوبکرێت.



هەموو ئەندامانی دارستان بە قسەیان کرد و حکومەتێکی کارا و لێزانیان دامەزراند.

ڕۆژێك لەڕۆژان کەڵەشێر ڕۆیشت بۆلای گۆرێلا ووتی:

بەڕێز: من وا بەباش دەزانم هەر چەشنێك لە ئەندامانی دارستان بە شێوازێکی جیاواز لەناو خۆیاندا یاسای



تایبەت و سەربەخۆیی بەڕێوەبردنی فیدراڵی دابمەزرێنن بەشێوازی خۆیان فێربوون و زمان و کەلتور و بەرگی خۆیان هەبێت و هەموو چەشنەکان لە ژێر دەسەڵاتی پەیوەندیەکان و بەرگری حکومەتی سەنتەری دارستانەکەدا بن, گۆریل ئەو پێشنیارەی زۆر لا جوان بوو ووتی چاکە لە پارلەماندا ڕاوێژ دەکەین و دەیخەینە ئاستی دەنگدانەوە.

به زۆربەی دەنگ ئەو پێشنیارە پەسەند کرا وە هەموو
چەشنێك بۆ خۆیان حکومەتی تایبەتی خۆیان دامەزراند
وە هەموو لەژێر ئالآی هەمەڕەنگی دارستانەکەدا
بەڕابەرێتی ڕابەری گشتی گۆرێلای بەڕێز شارستانێکی
دارستانی وایان دامەزراند کە دەر و دراوسێ چاویان



لێبڕین و ئەو ئەزمونە جوان
وڕێکوپێکەیان بۆ خۆیان
دەگواستەوە.
پاشان گۆرێل یاسا زانان و
دادوەران و پارێزەرانی
کۆکردەوە وە بەهەڵبژاردن
ئەنجومەنی گشتی دادپەروەریان لەسەرەوە دانا بڕیاردرا
هەر فیدراڵێك بۆ خۆی لیژنەی داداپەروەری هەبێت....!
هاوڕێی خۆشەویستم ئەوەبوو دارستانی گۆریلئاوا بوو
بە دارستانێکی نمونەیی کە هەموو بونەوەرێك لەژێر
سێبەری ئاسایش و دادپەروەری و ماف پارێزی و
هاوبەشی و ئازادی و یەکسانیدا حەسانەوە و







لاپەڕەیەکی مێژوویی دارستانی
زێڕینیان بۆ خۆیان تۆمارکرد

********

ڕۆژێك سەرۆکی پەرلەمان و
سەرۆکی حکومەت و ئەنجومەنی
دادەوەران و ئەندامەکان بە گۆریلیان ووت:
چاك وایە بەڕێزت جێگرێك لە منداڵ یان بنەماڵەی خۆت



هەڵبژێریت لەبەر ئەوەی
ماندوو بووی و تەمەن
کورتە, با کۆمەڵگەکەمان
سەرلێشێواو نەبێت.
گۆرێل سوپاسی هەستی
دڵسۆزی و میهرەبانی و
ئەمەکداری کردن ووتی:
منیش ئەندامێکی خزمەتگوزاری بچوکی ئەم کۆمەڵەم,
پاش من هەر ئەندامێك توانی باشتر و چاکتر لەمن
خزمەت بکات ئەوە شایانە, ئەمەشتان باپێبڵێم منداڵان

و بنەماڵە و دۆستانی منیش وەکو ئەندامانی ئاسایی ئەم کۆمەڵە ئاژەڵیەن, خزمەتگوزاری بۆماوەیی و تایبەت بە یەك کەس و یەك بنەماڵە نیە, ئەندامانی دارستانەکە خۆیان زانا و شارەزا و دڵسۆز و ئەرك ناسن خۆیان دەزانن چۆن بژین, هەڵبژاردن بەگوێرەی لێهاتوویی و ئەندازەی خزمەتگوزاریە نەك بۆماوەیی و تایبەت!



پاشان هەموو ئامادەبووان سوپاسی خوایان کرد کە ئەورابەرە خۆنەویستە بە ڕاستی خزمەت و کارکردن بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێت و لە ناخەوە بە کردەوە ئەوە دەسەلمێنێ نەك بە فرو فێڵ و پڕو پاگەندە و درۆ و دەلەسە....





گۆرێلی بەڕێز جگە لە ڕابەری و ئامۆژگاری و داپەروەری هەمیشە لە گۆڕانکاری گەشەپێدانی کۆمەڵی ئاژەڵیدا بوو.







کورتە ووتەی گۆرێلی بەڕێز بۆ پەرلەمانتاران بەمشێوەیە ەبوو:

بەڕێزان ئێوە نوێنەرانی ڕاستەقینە و هەڵبژێردراوی کۆمەڵەکەتانن, ئەم ئەرکە بڕوا و سیقەیەکە کە ئەندامانی دارستانەکە بە ئێوەیان سپاردوە دەبێت بەڕێکو پێکی و شیاوی و زانستەوە ئەمانەت و بڕوای ئەوانتان لاگرنگ بێت, کەم کاری و خیانەت نەکەن و خۆتان بە گەورە نەزانن بەرژەوەندی خۆتان نەوێت و لە خۆبایی نەبن بەڵکو خەمخوار و خزمەتگوزاری ئەوان بن,

خەبات بکەن لە ئەمانەت و ئەمەکداریدا ڕوو سور بن و لە چوارچێوەی ئەرکی ئاسایی خۆتان تێمەپەڕن. منیش هیوای سەربەرزی و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

********

کورتە ووتەی گۆرێلی بەڕێز لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران



بەڕێزان ئێوە خزمەتگوزارن ئەو ئەرك و کورسی و پلە و دەسەلآتە کە ئەندامانی دارستان بە ئێوەیان داوە بۆ خزمەتی تاك و کۆی کۆمەڵەکەیە,







پلە و مێز و دەسەلآت تاسەر بۆ کەس نامێنیٚ, ئەمەش تاقیکردنەوەیە کە بۆ خزمەتگوزاری بە لە خۆبوردن و خەبات و تێکۆشانی زۆر لە لاری و چەوتی و خراپە دووری بکەن, منەت بەسەر ئەندامەکاندا مەکەن, دەسکەوت و دەسەلآت هەڵتان نەخەڵەتێنیٚ کە لە خۆ بایی بن, دادپەروەری و یەکسانی و یاسا بکەن بە مامۆستا و چرای سەر ڕێگای خۆتان, لە یاسا و چوارچێوەی ئەرکەکانتان لامەدەن, ڕێز لە خۆتان و ئەندامانی کۆمەڵ بگرن, لەبەفیڕۆدان و ڕژاندن و پرژاندنی ماڵ و سامانی ئەندامان بەرگری بکەن, دەزانن لیژنەی چاودێری گشتیمان
هەیە کە بەبیٚ کەموکوڕی وەك خۆی خزمەتەکانتان ڕادەگەیەنن, هەمووان لە بەرامبەر یەکتری و یاسادا بەرپرسین, چاکە کاری پاداشت و خراپەش سزای هەیە. با هەمووان فێر ببین کە بەرپرسین وە یاسای لە کویٚ هێناوەتە بە باشی و چاکی

بەڕێوە بچێت, با ئەوانەی کە دەسەڵات و دەست ڕۆیشتوو بەهێزن یارمەتی بێ دەسەڵات و پەك کەوتوو بدات, هەمووبان یەکتریمان خۆش بوێ هەرئەندامێك



مافی یەکسانی ژیان و ئیش و کار و ئازادی سنورداری تاك و کۆی هەبێت, با لە خەم و پەژارە و خۆشی ئەندامانـدا هاوبەش بین و وەکو کۆمەڵێکی خێزانی گەورە لە دارستانەکەماندا بژین, بۆ ئەوەی کە لەبەردەست و بەدەستان هێناوە لە خۆبایی و دەرنەچن بۆ ئەوەش کە لەدەستان ئەچێت پەژارە و خەمتان نەبێت, لەکات و سات باشترین قازانج وەرگرن و کات بەفیڕۆ مەدەن با زانست و زانیاریتان سات بەسات زیاتر بکات, ئەمڕۆتان وەك دوێنێ نەبێت هەمیشە





لە گۆڕانکاری ڕوو بەچاکە بن, هەر شاد و سەرکەوتوو بن.

*******

پەیامی گۆریلی بەڕێز بۆ ئەنجومەنی دادوەران: بەڕێزان ئێوە بارەگای دادن پارێزەری مافی هەمووتاك و ئەندامێکن, ئەرکی ئێوە زۆر گرنگە (دادپەروەری و پارێزەری) بە ئەزمون و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و یەکسانی و سنگ فراوانی و خۆڕاگری ئەرکی خۆتان بەڕێوە ببەن,

گەورە ترین و بەهێزترین ئەندامەکانی دارستان لەگەڵ بچوکترین و لاوازترین و بێدەسەڵاتترینیان لە بەرامبەری یاسا لای ئێوە یەکسانن هیوادارم بە باشی و چاکی دادپەروەری ئەرکی سەرشانی خۆتان ئەنجام بدەن هەرشاد و سەرکەوتوو بن.



ئێستا هاوڕێی ئازیز: لە کۆتاییدا مشتێك لە خەروارێك نمونەی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی دارستانی گۆرێلئاوات بۆ باس دەکەم:

ڕۆژێك لەڕۆژان هەواڵیان هێنا چۆلەکە پاساریەکان زۆر جریوە جریوو جرتو فرت دەکەن وە لەم چڵەوە دەفڕنە سەر ئەو چڵ



وە ئاسایش و ئۆقرەی ئەندامانی دارستانەکەیان تێکداوە.

ئەنجومەنی داد بە چاودێری گۆریلی بەڕێز نوێنەری چۆلەکە پاساریەکانی بانگکرد

گۆریل ووتی:

من دەزانم ئێوە سروشتتان وایە بەڵام هەندێك ڕێز لە ئەندامانی دارستانەکەش بگرن وە مافیان پێشێل مەکەن, چاك وایە سنورێك بۆ خۆتان دابنێن با گلەیی و





شکاتتان لێنەکرێت نەکەونە بەر سزای یاسای دارستانەوە

******



ڕۆژێك بایەقوش کە لەسەر دارێك لە کەلاوەیەکدا چاودێری دەکرد هەواڵی هێنا مشکێك هەیە کە لەسنور و کونی خۆی لایداوە و دەچێتە کونە مشکەکانی تر و ئەوانیش ئاڵۆز دەکات!



مشکەیان هێنا بۆ خانەی داد,

مشك لە بەرگری خۆیدا ووتی:

ئەوە خەتای من نیە خەتای کێچە؟

وتیان چۆن؟

ووتی: لە بنی گوێچکەی مندا

دومەڵێك هەیە ئازارم دەدات و نەخۆشیەكی مەترسیداری



پێوەیە, كێچ دێت بەسەر ئەو دومەڵەوە دادەنیشێت و خوێنی دەمژێت و میكرۆبەكەی لە منەوە دەگوێزێتەوە بۆ ئاژەڵە شیردەر و مرۆڤەكان, منیش لە تاوی ئێش و ئازاری خۆمدا بەم كون و ئەو كوندا ڕادەكەم, ئەو نەخۆشیەش (تاعون)ی پێدەڵێن ئەوەیە كە منیش ئۆقرەم لێهەڵگیراوە!

گۆرێل باش بۆ قسەكانی مشكی نەخۆش گوێی كرت, ووتی:

بەڵێ ئێمە هەڵەی خۆمان دەخەینە ئەستۆی كەسانی تر وە ئەمە قەبوڵ ناكرێت با تۆ ئەوەندە نەجوڵێیت و مشكەكانی تریش توش نەبن سنورێك بۆ خۆت دیاریبكە و بڕۆ بە شوێن چارەسەری نەخۆشیەكەتدا, ئەگینا بایەقوش دەتخوات؟.





******

ڕۆژێك لە ڕۆژان دەزگای چاودێری هەواڵیان هێنا پشیلەیەك لە دارستانەكدا ڕووی كردۆتە شار و لە ماڵی هەژارێ یەك كیلۆ گۆشتی هێناوە, كە توێژینەوەیان



كردوە ئەو هەژارە ماوەی مانگێكە خۆی و خێزانەكەی گۆشتیان نەخواردوە, دادوەر پشیلەكەی بانگ كرد پشیلەكە ووتی:

من بەوەم نەزانیوە و هەڵەم كردوە ئەو كارە دووبارە ناكەمەوە, كەروێشكێك لە خۆ بوردو ووتی باشە من بەچكەیەكی خۆم دەدەم بیبە بۆ ئەو ماڵە و لەوێ بەرەڵای بكە لە بری هەڵەكەت. دادوەر و پشیلە سوپاسی ئەو كارەیان كرد و كێشە چارەسەركرا.

*****

هـەواڵیان هێنـا پشـیلەیەك دە ڕواتـە ماڵێـك و خـاوەن



ماڵەکـــــە خزمــــــەتی
پشــیلەکەیان دەکـرد, ئـەویش
بــە دزیــەوە دەڕۆیشــــتە
ژووری نوســتنەکەیان و
میـــــز و پیسایی دەکردە
سـەر جێگـەی نوســـتنەکەیان.

گۆریل فەرمانی لێکۆڵینەوەی دا:

پشیلەکە بۆ بەرگری لە خۆی ووتی:

بـەڕێز دادوەر ئێمـە چەشـنی پشـیلەکان بـێ ئەمـەکی و سپڵەیی لە سروشتماندایە گۆرێل ووتی :

من ئەوە دەزانم ئێوە پیسیش دەکـەن دەیشارنەوە و بێ وەفان بەڵام سنورێك بۆ خۆت دابنـێ وەخۆت لـە ژیانی مرۆڤدا هەڵمەقورتێنە چونکی مرۆڤ بە توانایە و لە ناوت دەبات.

*****





لـە فریـاگوزاری هـەواڵیان هێنـا جاڵجالۆکەیـەك لـە نێـوان کەپرەکەیدا کە خۆی تەنیوێتی گیری خواردوە و ناتوانێ دەرچێت,

بەشـی فریاکـەوتن چـوون بـە هانایـەوە فریـای کـەوتن و نـــەجاتیان دا, پاشــــان بانگیــــان کـــرد بـــۆ لێپرســینەوە ووتــی: مــن داوم تــەنی بــۆ ڕاو بــەڵام خۆم کەوتمە داوەکەمەوە!



گۆرێـل ووتـی: ئەگـەر چـی سروشــتی تــۆ وایە بۆ بەدەست هێنانی خواردن و بەرگری لەخۆت کەپر دەتـەنی بـەڵام دەبێـت سـنور هـەبێ و زوڵـم نەکـەی و بـە بەشــی خــۆت ڕازی بیــت و هێمنــی و ســنوری خــۆت بپـارێزی, مـرۆڤ وتویانـە هـەر کەسێك داو یـان چاڵ بۆ کەسێك دابنێ خۆی تێدەکەوێ! وریابە.....!

*******

هەواڵ نێران هەواڵیان هێنا لە نزیك دارستانەکەوە مارێك پیاوێکی گەستوە و زۆر هیلاکە



کە ناردیان بەشوێن ماردا مار ووتی:
من لە هەرێمی خۆم خەریکی ئیشوکاری خۆم بووم, ئەو پیاوە قاچی بە کلکمدا نا منیش لە تاوی ئازار و بۆ بەرگری لە خۆم ئەوم گەست, ئەگەر قاچ بە کلکمدا نەنێن من کەس ناگەزم.

گۆریل ووتی: بەڵام دەبێت هەر وریا بیت و بە ناهەق کەس نەگەزیت و ئازارت بۆ کەس نەبێت.

*****





ڕۆژێك دووپشکەکان لە گۆرێلیان پرسی بۆچی مرۆڤەکان ڕقیان لە ئێمەیە و بە هەق و ناهەق دەمانکوژن!
گۆرێل وەڵامی دانەوە:



ئێوە سروشتی بە هەق و ناهەق دەگەزن و چز دەدەن مرۆڤیش ئەوە دەزانێت و لە یاسای ئاژەڵیدا مافی بۆ ئێوەش داناوە, ئێوەش ناتوانن ئەو سروشتەی خۆتان بگۆڕن ئەوەیە بە بینینی ئێوە دەتانکوژن جاباش وایە ئێوەش واز لە مرۆڤ

بهێـنن و بەرچـاویان مەکـەون و خـۆڕاگر و خـۆ پـارێز بن.....

**هەر شادبن .....کۆتایی**



## سەرەتا :

هاوریێ چاوگەشەکەم سلاۆ ئەوکاتەت شاد ..

دەزانی کتێب هاوڕێیەکی بەسودە ! قسەی زۆر و ئامۆژگاری و هەروەها شتی زۆرمان فێر دەکات زمانیشی نیە و هیچ ئەرکێکیشی نیە یارێکی میهرەبانە, با تۆش لە کتێب غافڵ نەبیت و لەبیری نەکەی هەر لە قۆناغی منداڵیەوە لەگەڵیدا پەیمانی هاوڕێی ببەستە و بڕێك لە پارەکەت بۆ کڕینی کتێبی تایبەت بە خۆت تەرخان بکە و ساتو کاتێکی ڕۆژانەت بۆ خوێندنەوەی کتێب دیاری بکە ...

من وتۆ یەکترمان نەبینیوە بەم کتێبەی لەبەر دەستدایە چیرۆکت بۆ دەگێڕمەوە و پەیوەندی هاوڕێیت لەگەڵ دەبەستم و پێت دەڵێم: (من تۆم خۆش دەوێت) حەز لە بەختەوەریت دەکەم بە هیوام ئەو ساتانەی کە چیرۆکەکە دەخوێنیتەوە هەست بەوە بکەیت کە چەندە ڕێز و خۆشەویستیم بۆت هەیە.

بە ئومێدی سەرکەوتن.... هاوڕێت فاروق.

## دارستانی گۆرێلئاوا:

هەبوو.. نەبوو... لەم جیهانە پانوبەرینەدا دارستانێکی ڕێکوپێک و جوان و ڕازاوە و سەرنجراکێش هەبوو..







هەموو بونەوەران ئاواتە خواز بوون کە لە ژێر سێبەری دارەجوانەکان و لەسەر زەویە ڕازاوەکەی ئەو دارستانە دابژین, هەندێ لەوانە دەستیان کرد بە پرسیار و هۆی سەرکەوتویی و گەشەسەندویی و خۆشگوزەرانی و بەختەوەری ئەو دارستانە لە چیدایە ؟!
کاتێک بەدوای وەڵامی پرسیارەکەدا ڕۆیشتن و بینیان لە هەمەچەشن و جۆرێکی جیاواز بوونەوەر جگە لە مرۆڤی تێدایە, رابەر و لێپرسراوی ئەو دارستانەش گۆرێلایەکی بەڕێزە....



لە ڕاپرسیدا دانیشتوانی دارستانەکە ووتیان: ئەم ژیانە و خۆش و جوانەمان لە زانایی و دادپەروەری و خۆنەویستی و خۆشەویستی و ماندونەناسی و بڕوا بەخۆبوویی و خۆڕاگری ئەوە کە ژیرانەپلان و نەخشەی بۆ داناوین و زانایانە ئامۆژگاری کردوین کە چۆن بژین و چێژ لە ژیان وەرگرین...!



زانایانی بواری ئاژەڵ لەوە سەریان سوڕما چونکی گۆرێل ئاژەڵێکی زلهێزە کاتێك تورە دەبێت دار لە ڕەگوڕیشە دەردەهێنێت..

شارەزای مەیمونەکان ووتی: دەزانن مەیمونەکان قەبارەی مێشکیان لە مێشکی مرۆڤەوە نزیکە و





ئەوانیش بە کۆمەڵ دەژین و هەست و سۆزیان هەیە و دەتوانن باش فێربن و بەڕاهێنان پەروەردە بکرێن و هەڵسوکەوت و دابونەریتی ئاژەڵی لە خۆیان کەم بکەنەوە و چاك پەروەردە بن؟!

با هەندێ باسی بەسەرهاتی ئەو گۆرێلە بەڕێزەتان بۆ بکەم: ئەو ئاژەڵێکی تاقانە و کەم وێنەیە:



لە باوك و دایکێکی ئازا و زەحمەتکێش بووە کە پێش ئەوەی بەیەك بگەن و ژیانی هاوبەش دابمەزرێنن, یەکتریان باش ناسیوە و

خۆشەویستیان ئاڵوگۆڕ کردووە و بە ڕەنجی شان و ماندوبوون پێداویستیەکانی ژیانیان پێکهێناوە و مافی یەکتریان پاراستوە و ڕێزیان لەیەك



گرتووە و ئەرکەکانی خۆیان بە ڕێکوپێکی ئەنجامداوە, کاتێك ئەویش لەدایك بوو هەر لە کۆرپەلەییەوە پێداویستی نیازەکانیان بۆ دابینکردوە و لە باوەشی گەرم و نەرم ونیان بە سۆز و میهرەبانیەوە گەورەیان کردووە و ناوی جوانیان لێناوە و هەر لە بەچکەییەوە ئەرك و مافەکانیان پێناساندوە و فێری چۆنیەتی ژیانیان لە ناو خێزان و ناو کۆمەڵدا کردووە, واتە هەم پێویستیە جەستەیی و دیاریەکان و هەم پێویستیە دەرونی و شاراوەکانیان بۆ





دابینکردوە گۆڕێلا هەر لە بەچکەییەوە سەربەخۆ و لەسەر پێی خۆی ڕاوەستاوە . فێر بوو لە خۆبایی نەبێت و زوو هەڵنەچێت و ئەو شتانەی کە بۆخۆی دەیەوێ بۆ



هاوڕێو هاو چەشنەکانی تریشی بوێت. لە چەوساندنەوە و دەسەلاّت خوازی و پێشێلکەرانی ماف و لاری و ناحەزەکان ڕقی بێ, حەز لە خزمەتگوزاری و گەشەکردنی کۆمەڵی هاوچەشنی بکات.

گۆڕێلا لە قۆناغی لاویدا چوو بەناو دارستانەکانی تردا گەڕا... ئاژاوە و شەڕ و شۆڕ و ناهێمنی و بێ یاسایی و هەروەها دادخوازی و دادپەروەری (واتە هەم خراپەکان

و هەم چاکەکانی بینی) لە هەرکامێك لەوانە وانەیەکی باشی وەرگرت .. لە خراپە و لاریەکان دووری کرد و باشەکانی کردە خوورەوشتی خۆی و بەکردەوە ئەنجامیدا, دەستی کرد بە یارمەتی چەوساوە و لێقەوماوەکان و بۆ ساتێك لەژیانی لە خزمەتگوزاری لای نەدا.



گۆرێلا لە دەرئەنجامی زلهێزە چەوسێنەر و فێڵبز و مافپێشێلکەرەکان و فێڵ و تەڵەکەی ئەوان وانەی دادپەروەری و دادخوازی هەڵبژاردبوو. دەردی دەردەداران و پیران و پەککەوتوان و ئازاری بێ باوك و دایك و بێ سەرپەرشتان و ئەوانەی کە هیلانە و ماڵوحاڵ





و هاوجوت و هاوڕێیان لەدەست دابوو هەروەها دەردی نەخۆشان و هەژاران و بێ کارانی ناسیبوو.



بە تەواوی خۆی بە ئەزموون و شارەزای تەواوی چین و توێژەکانی ژیان ڕاهێنابوو, ئەوەبوو خەم خۆر و خۆی بە ئەندامێکی خزمەتگوزاری کۆمەڵی ئاژەڵی دادەنا,

ڕەگەز پەرستی لانەبووبەیەکسانی بە بێ جیاوازی بەیەك چاو سەیری هەموو چەشن و جۆرێکی بوونەوەرانی دەکرد, کۆڵ نەدەر بوو فیز و فشەو منەتی بەسەر کەسدا نەدەکرد, کات و ساتی خۆی بۆ خزمەت و

گەشەکرد ن و پێشکەوتنی دارستان و دانیشتوانەکەی تەرخانکردبوو, لە کار و ئەرك و ڕەنجەشانی خۆی دەخوارد و چاوی بە ماڵو حاڵی کەسانی تر نەبوو .



گۆریلا لە قۆناغی گەنجی و تازە لاویدا لە لایەن مرۆڤەوە بەدیل گیرابوو,



سەرەتا لە شوێنێکی تایبەت لە باخچەی ئاژەڵان لە قەفەزێکی ئاسنیدا دانرابوو, بۆ سەیران و ناساندنی چەشنی بە منداڵان و دانرابوو,





وەبە باشی خزمەتدەکرا و منداڵان سەیریان دەکرد و ئەویش لە بینەرانی دەڕوانی!

لێپرسراوی باخچەکە لە بواری ئاژەڵناسیدا زانا و شارەزا و بلیمەت بوو بەرنامە و پلانی دانا و خۆی و مامۆستاکانی دەستیانکرد بە پەروەردەی ئەو گۆریلە,



ئەویش بەوپەروەردەیە زۆرخۆشحاڵ بوو بە تەواوی گوێڕایەڵی و هاوکاری مامۆستاکانی دەکرد و توانایی و لێهاتوویی خۆی نیشان دەدا و بەو کارەبێتە خاوەنی ڕێز و خۆشەویستی تایبەت لای هەمووان, گەشەدەکات تا لە سێرکەوە سەر دەردەهێنێ.

پاش چەند ساڵێك كاركردن بە سەركەوتویی,دەرئەنجام كاربەدەستانی باخچە و سێرك دەڵێن:



بەسە ئیتر با ئەو گۆریلایە ئازادی خۆی وەربگرێت و بگەڕێتەوە نێو دارستانەكەی و بەسەربەخۆیی لە نێو هاوچەشنانی خۆیدا بژی...

بۆیە گۆریلا ئەمەكداری چاكەی مرۆڤی لە بیر نەدەچوو, زۆربەی زانیاری و شارەزایی و ئەزمونی خۆی بە قەرزاری ئەوان دادەنا و دەیووت:
مرۆڤ باشترین هەڵبژێردراوی بونەوەرەكانە كە بەهۆی ژیری و توانایی بیركردنەوە و وتارەوە بە گوڵی گوڵزارەكانی جیهان دانراوە.....





ئەوەیە سروشتی مرۆڤ لە پەری و فریشتە و هەندێك سیفاتی هاوبەشی لەگەڵ ئێمەی ئاژەڵدا هەیە, ئەگەر خۆیان بیانەوێت و بواریان بۆ بڕەخسێ ئەوا مرۆڤ لە پەری چاكتر دەبێت و هیچ بوونەوەرێكی پێ ناگات,



بەڵام ئەگەر مرۆڤ لادات و لاری و چەوتیەكان هەڵبژێرێت لە ئێمەی ئاژەڵ خراپتر و زۆرتر خراپە دەكات و كارەساتی وادەكات كە ئێمەی ئاژەڵیش سەرمان سوڕدەمێنێ چونكی خۆمان قەت ئەو كارانە ناكەین و بە باشیشی نازانین.. هەر لەبەر ئەوەیە مرۆڤە دادپەروەر و زاناكان ماف و ئەركیان بۆ خۆیان و ئێمەی ئاژەڵیش داناوە, بە گوێرەی یاساو ماف و ئەرك لەگەڵماندا كردەوە دەكەن. جا من هەر چاكە و باشیەكم

هەبێت لە مرۆڤەوە فێر بووم و ڕێز و خۆشەویستیم بۆ ئەوان و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ڕاستەقینە هەیە!!...

******

دارستانی گۆریلئاوا دارستانێکی بەرفراوانە, چیاو بەرزایی و دەشت و پانتایی و سەوزی و وشکی و ڕووبار



و جۆگە و تاڤگە و تاشە بەرد و لە هەمە چەشن و هەمە بابەتە. لە نێو ئەو دارستانەدا زیندەوەرانی ڕەنگاو ڕەنگ و هەمە





چەشنە بەدی دەکرا. شێوازی ژیان و ڕابوارد ن و خواردن و هەڵسوکەوت لە هەر چەشنێکدا تایبەتمەندی خۆی هەبوو...



هەندێ وردیلە و بچوک,

هەندێ گەورەوهەندێك مامناوەندی و دەستەیەك لاواز و بڕێك قەڵەو, گرووپێك باڵندەی هەمەچەشن و دەفڕین, گرووپێك بەسەر سكدا دەخزان و دەڕۆیشتن, هەندێك قونە قونیان دەكرد و هەندێك چوار دەست و پێ دەڕۆیشتن, ئیتر نازانم چۆن باسیان بكەم وەكو شاری فەرەنگ لە هەمە چەشن و هەمە ڕەنگێكی تیادا بەرچاو دەكەوت...



لەو دارستانەدا ڕابەری گشتی و دادوەری باڵایان گۆریلای بەڕێز بوو, هەر

چەشنە لاری و تەنگ و چەڵەمە و كۆسپێك یان هەر چەشنە داخوازیەك هەبووایە دەگەیشتە گۆرێلای بەڕێز.

هەروەها وتمان گۆریل لە چەشنی مەیمونەكانە و زلهێز و بەتوانایە, ئەوەیش روونە كە مەیمونەكان مێشكی پێشكەوتو فراوانتریان لە ئاژەڵی تر هەیە , هەر بەو بۆنەوەیە مافی داد پەروەری و سەرۆكی و رابەری كۆمەڵی بوونەوەران و دانیشتوانی دارستانەكەیان بەو سپاردبوو بە



خۆشەویستی و رێز ناوی ئەویان لە دارستانەكە نابوو....!

هاورێی ئازیز دیارە فیل و كەركەدەن و زەرافە و



وشتر و بەراز و چوار پێكانی تر لە گۆریل زل ترن, شێر و بەور و پڵنگ





لە هێز و دڕندەیی و زلهێزی لەو بەهێزتر و گورگ



و رێوی و چەقەڵ و كەمتیار لەو خێراتر و ئازاتر و فێڵبازترن, هۆی توانایی رابەرێتی گۆرێلای بەڕێز



لە خۆبوردویی و ددان بە خۆداگرتن و خەبات و تێكۆشان و زاناییانە بۆ داد پەروەری بەهانای زوڵمێكراوان و چەوساوەكان دەرۆیشت و لە خەموخەفەت و تەنگ و چەڵەمە و ئاستەنگ و كۆسپەكانی چین و توێژەكانی كۆمەڵە ئاژەڵیەكەیدا بەشداری دەكرد,.. لە پێشدا ووتمان گوریل ساردیو

گەرمی و بەسەرهاتی مێژوویی و بەرزی و نزمی و هەروەها چەشنی ژیانی دارستانەکانی تری بینیبوو, وەلە دەرئەنجام و بەسەرهاتی زاڵمان و ستەمکاران و زهلێزان خەبەری هەبوو.

بەباشی یاسای دارستانەکان و شەڕی مانەوەی ئاژەڵی دەزانی, بەش خوراوی و مافپێشێل کاری و سەرکوتکردنی بینیبوو,



جەرگبڕان و تالاَن و کوشتن و بڕین و قڕکردن و منداڵ کوژراوی دەرك کردبوو, خۆی برسێتی و تینوێتی و بێ کاری چەشتبوو باش دەیزانی ئەوانەی کە ئەوەیان بەسەر هاتووە حاڵیان چۆنە؟

ئەویش حاڵی هەمووانی دەزانی و بەبێ ئەوەی کەپێی بڵێن یان داوای یارمەتی لێبکەن بە دەم هەموانەوە دەچوو.





گۆریلای بەڕێز بەو کردەوە و ڕەفتارەی لە دڵی گەورە و بچوك و لاواز و بەهێزی دارستانەکەدا دەژیا, هەر لەبەر ئەوەبوو ئەو دارستانە نمونەی ژیانی جوان و ڕێکوپێك و دادپەروەری بوو لە نێوان دارستانەکاندا .ئەو دەیووت:



ئامانج و مەبەستی سەرەکی من خزمەتکردن بە ئێوەیە ئەو کاتەی من خۆشحاڵ دەبم کە هەڤالاَن و هاوڕێیانم لەوپەری ئاسایش و ساغی و خۆشگوزەرانیدا بژین, ئەو بڕوای بەخۆی هەبوو خۆی بەکەم و بچوك و زل نەدەزانی, بەفیز و فشەوە باڵی خۆی فش نەدەکردەوە, بەوەی کە

هەیبوو ڕازی بوو, تووڕەیی کە لە چەشنەکانی ئەودا سروشتی بوو بەڵام ئەو لە خۆیدا دایبەزاندبوو,
ئەوەی کە دەیووت بە کردەوە دەیکرد, لەسەر بەڵێنی خۆیبوو, ئەو شتانەی کە بۆ خۆی نەیدەویست بۆ ئەندامانی دارستانەکەشی نەدەویست, خۆی خۆشدەویست و توانایی خۆشویستنی بەرامبەریشی هەبوو, زۆر لێبوردوو بوو, تۆڵەی نەدەسەند بەکردە نیشانی دەدا ئەندامی دارستان و هاوچەشنەکانی خۆش دەویست, مافی هەموو شت و هەموو بونەوەرانی دەپاراست, بەهێمنی و ڕێکوپێکی هەڵسوکەوتی دەکرد,



لە ڕەخنە و توانج ڕقی نەبوو هەر ئەندامێك هەڵە یان چەوتیەکی پێبوتایە ڕێزی لێدەگرت و سوپاسی دەکرد, مافی هاوڕێیانی





دەپاراست, هەموو چاکە و جوانی و باشی لە کردە و خووڕەوشتی ئەو گورێلایەدا خوڵقابوو, وای لێهاتبوو ئەگەر ستایش و پیاهەڵدانیان بکردایە خۆشحاڵو لە خۆبایی نەدەبوو خراپەیشیان پێبوتایە تووڕە و نیگەران نەدەبوو.



ڕۆژێ لەڕۆژان تەواوی ئەندامانی دارستانەکەی لە گۆڕەپانەکەدا کۆکردەوە پاش گەیاندنی ڕێز و سڵاو

ووتی : منیش وەکو ئێوە ئەندامێکی خزمەتگوزاری
هەمووانم, خەون و ئاواتم چاکی و ساغی و تەبایی و
ژیانی یەکسانە بۆ هەمووان, ئەگەر لە ئەرك و
خزمەتەکاندا کەموکوڕی و هەڵە هەیە ڕاستەوخۆ پێم
بڵێن, داواتان لێدەکەم هەر تاکە و ڕاوبۆچوونی خۆی
دەربڕێ, بچوکترین بونەوەر وەکو مێشولە



و مێرووله  بەبێ جیاوازی هەمووتان لای من
یەکسانن, لە ناخەوە هەمووتانم خۆشدەوێت, وەهیوام
سەربەرزی و سەرکەوتنی هەمووتانە, زۆر سوپاسی
خوای مەزن و دادوەر دەکەم کە بواری خزمەتی
هاوچەشنی ئێوەی بەڕێز و خۆشەویستی بۆ من
ڕەخساندوە, من بەبێ ئێوە وە بەبێ هاوکاری و یارمەتی
ئێوە هیچ نیم و ناتوانم هیچ کارێك بکەم, منیش ئاژەڵم
ئەگەر لەسەر ڕێگای ڕاست و شیاو وچاك لامدا
بە ئامۆژگاری بمخەنەوە سەر ڕێگا, هەتا ئێستا خۆتان
دەزانن بەبێ ڕاوێژکاری من لە خۆمەوە هیچ کارێکم







نەکردوە, ئەوەیە
داواتان لێدەکەم
با هەر ئەندامێك
لە ئاستی خۆیدا
چاکترین و
باشترین و
خزمەتگوزارترین
نوێنەری خۆی
هەڵبژێرێ با پێکەوە بنەڕەتی یاسایی گشتی و کۆمەڵی
ئاژەڵی دارستانەکە داڕێژین وە لەمە بە دوا یاسا
فەرمانده و سەروەر بێت و پێشێلکردنی یاساش سزای
هەبێت, هەر ئەندامێکمان مافی تاکە کەس و مافی
کۆمەڵی دارستانەکەمان بپارێزێت, ئامانجی سەرەکیمان
گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی تاك و کۆمەڵی
دارستانەکەمان بێ, کۆمەڵێکی ئازاد و چاك گەشەکردوو
سەرکەوتوو بەهێز بەیەکسانی پێکەوە خۆش بژین و
لەژیان چێژ وەرگرین.

جا هاوڕێی ئازیزم هەموو دانیشتوانی دارستانەکە لە هەموو چەشنەکان بە قسەی گۆریلایان کرد بە زووترین کات نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان هەڵبژارد و پارلەمانێکی تایبەتی ئاژەڵیان پێکهێنا و ئەوانیش یاسای بنەڕەتیان دانا, پاشان گوریل ڕێز و سوپاسی ئەرکی هەمووانی کرد و ووتی:

بۆ ئەنجامدانی کار و باری کارگێڕی و خزمەتگوزاری پێویستە دەوڵەتێکی تایبەت بە ئاژەڵیش دامەزرێنین, بە گوێرەی یاسا بۆ دانیشتوانی دارستانەکە.



پاشان ئاماژەی پێدا با پسپۆڕی و شارەزایی و لێهاتوویی و دەست پاکی و کارزانی و کردەوە چاکی ڕەچاوبکەین و ئیشەکان لە بوارە جیاوازەکاندا بە زانایان و دڵسۆزانی شارەزا لە بواری خۆیدا بسپێردرێت, بۆ نمونە پاراستی سنور و







دەورو بەری دارستانەکە بە هەڵۆ و باز و واشە, بۆبەدەست هێنانی زانیاری و پاراستن قەلە ڕەش و پەپوسلێمانی و بایەقوش, بۆ پۆستە و گەیاندن ئەسپ و



هێستر و گوێدرێژ





و کۆتر و قومری
بۆ بەرگری شێر و بەور و
پڵنگ و گورگ و مار و
دوپشك و مێشولە



و مێرولە و
زەردەواڵە و
ئەسپێی و کێچ و قالۆنچە و
سیسرکە و .....بۆ تەندروستی



مێشەنگ و بزن و مریشك و قاز و
مەڕو مانگا و



ئاسك, بۆ پۆلیس و پاسەوان سەگ و
پشیلە و چەقەڵ و ڕێوی
بۆ ئاگادارکردنەوە کەڵەشێرو قەلەڕەش و داڵ



و پەپوسلێمانە, بۆ فێرکاری و
پەروەردە مەیمەونەکان و مشك و
بۆق
, هەروەها بۆ باقی کارەکان توانین





و زانیاری ڕەچاوبکرێت.



هەموو ئەندامانی دارستان بە قسەیان کرد و حکومەتێکی کارا و لێزانیان دامەزراند.

ڕۆژێك لەڕۆژان کەڵەشێر ڕۆیشت بۆلای گۆریلا ووتی:
بەڕێز: من وا بەباش دەزانم هەر چەشنێك لە ئەندامانی دارستان بە شێوازێکی جیاواز لەناو خۆیاندا یاسای



تایبەت و سەربەخۆیی بەڕێوەبردنی فیدراڵی دابمەزرێنن بەشێوازی خۆیان فێربوون و زمان و کەلتور و بەرگی خۆیان هەبێت و هەموو چەشنەکان لە ژێر دەسەلأتی پەیوەندیەکان و بەرگری حکومەتی سەنتەری دارستانەکەدا بن, گۆریل ئەو پێشنیارەی زۆر لا جوان بوو ووتی چاکە لە پارلەماندا ڕاوێژ دەکەین و دەیخەینە ئاستی دەنگدانەوە.

به زۆربەی دەنگ ئەو پێشنیارە پەسەند کرا وە هەموو چەشنێك بۆ خۆیان حکومەتی تایبەتی خۆیان دامەزراند وە هەموو لەژێر ئالاًی هەمەڕەنگی دارستانەکەدا بەڕابەرێتی ڕابەری گشتی گۆرێلای بەڕێز شارستانێکی دارستانی وایان دامەزراند کە دەر و دراوسێ چاویان



لێبڕین و ئەو ئەزمونە جوان وڕێکوپێکەیان بۆ خۆیان دەگواستەوە.

پاشان گۆرێل یاسا زانان و دادوەران و پارێزەرانی کۆکردەوە وە بەهەڵبژاردن ئەنجومەنی گشتی دادپەروەریان لەسەرەوە دانا بڕیاردرا هەر فیدراڵێك بۆ خۆی لیژنەی داداپەروەری هەبێت....!

هاوڕێی خۆشەویستم ئەوەبوو دارستانی گۆریلئاوا بوو بە دارستانێکی نمونەیی کە هەموو بونەوەرێك لەژێر سێبەری ئاسایش و دادپەروەری و ماف پارێزی و هاوبەشی و ئازادی و یەکسانیدا حەسانەوە و







لاپەڕەیەکی مێژوویی دارستانی زێڕینیان بۆ خۆیان تۆمارکرد

********

ڕۆژێك سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی حکومەت و ئەنجومەنی دادەوەران و ئەندامەکان بە گۆریلیان ووت:

چاك وایە بەڕێزت جێگرێك لە منداڵ یان بنەماڵەی خۆت



هەڵبژێریت لەبەر ئەوەی ماندوو بووی و تەمەن کورتە, با کۆمەڵگەکەمان سەرلێشێواو نەبێت.

گۆرێل سوپاسی هەستی دڵسۆزی و میهرەبانی و ئەمەکداری کردن ووتی:

منیش ئەندامێکی خزمەتگوزاری بچوکی ئەم کۆمەڵەم, پاش من هەر ئەندامێك توانی باشتر و چاکتر لەمن خزمەت بکات ئەوە شایانە, ئەمەشتان باپێبڵێم منداڵان

و بنەماڵە و دۆستانی منیش وەکو ئەندامانی ئاسایی ئەم کۆمەڵە ئاژەڵیەن, خزمەتگوزاری بۆماوەیی و تایبەت بە یەك کەس و یەك بنەماڵە نیە, ئەندامانی دارستانەکە خۆیان زانا و شارەزا و دڵسۆز و ئەرك ناسن خۆیان دەزانن چۆن بژین, هەڵبژاردن بەگوێرەی لێهاتوویی و ئەندازەی خزمەتگوزاریە نەك بۆماوەیی و تایبەت!



پاشان هەموو ئامادەبووان سوپاسی خوایان کرد کە ئەورابەرە خۆنەویستە بە ڕاستی خزمەت و کارکردن بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێت و لە ناخەوە بە کردەوە ئەوە دەسەلمێنێ نەك بە فرو فێڵ و پڕو پاگەندە و درۆ و دەلەسە....





گۆرێلی بەڕێز جگە لە ڕابەری و ئامۆژگاری و داپەروەری هەمیشە لە گۆڕانکاری گەشەپێدانی کۆمەڵی ئاژەڵیدا بوو.







کورتە ووتەی گۆرێلی بەڕێز بۆ پەرلەمانتاران بەمشێوەیە بوو:

بەڕێزان ئێوە نوێنەرانی ڕاستەقینە و هەڵبژێردراوی کۆمەڵەکەتانن, ئەم ئەرکە بڕوا و سیقەیەکە کە ئەندامانی دارستانەکە بە ئێوەیان سپاردوە دەبێت بەڕێکو پێکی و شیاوی و زانستەوە ئەمانەت و بڕوای ئەوانتان لاگرنگ بێت, کەم کاری و خیانەت نەکەن و خۆتان بە گەورە نەزانن بەرژەوەندی خۆتان نەوێت و لە خۆبایی نەبن بەڵکو خەمخوار و خزمەتگوزاری ئەوان بن,

خەبات بکەن لە ئەمانەت و ئەمەکداریدا ڕوو سور بن و لە چوارچێوەی ئەرکی ئاسایی خۆتان تێمەپەڕن. منیش هیوای سەربەرزی و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

********

کورتە ووتەی گۆریلی بەڕێز لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران



بەڕێزان ئێوە خزمەتگوزارن ئەو ئەرك و کورسی و پلە و دەسەلاتە کە ئەندامانی دارستان بە ئێوەیان داوە بۆ خزمەتی تاك و کۆی کۆمەڵەکەیە,







پلە و مێز و دەسەلات تاسەر بۆ کەس نامێنێ, ئەمەش تاقیکردنەوەیە کە بۆ خزمەتگوزاری بە لە خۆبوردن و خەبات و تێکۆشانی زۆر لە لاری و چەوتی و خراپە دووری بکەن, منەت بەسەر ئەندامەکاندا مەکەن, دەسکەوت و دەسەلات هەڵتان نەخەڵەتێنێ کە لە خۆ بایی بن, دادپەروەری و یەکسانی و یاسا بکەن بە مامۆستا و چرای سەر ڕێگای خۆتان, لە یاسا و چوارچێوەی ئەرکەکانتان لامەدەن, ڕێز لە خۆتان و ئەندامانی کۆمەڵ بگرن, لەبەفیڕۆدان و ڕژاندن و پرژاندنی ماڵ و سامانی ئەندامان بەرگری بکەن, دەزانن لیژنەی چاودێری گشتیمان

هەیە کە بەبێ کەموکوڕی وەك خۆی خزمەتەکانتان ڕادەگەیەنن, هەمووان لە بەرامبەر یەکتری و یاسادا بەرپرسین, چاکە کاری پاداشت و خراپەش سزای هەیە. با هەموومان فێر ببین کە بەرپرسین وە یاسای لە کوێ هێناوەتە بە باشی و چاکی

بەڕێوە بچێت, با ئەوانەی کە دەسەلاّت و دەست ڕۆیشتوو بەهێزن یارمەتی بیّ دەسەلاّت و پەك کەوتوو بدات, هەموومان یەکتریمان خۆش بویّ هەرئەندامێك



مافی یەکسانی ژیان و ئیش و کار و ئازادی سنورداری تاك و کۆی هەبێت, با لە خەم و پەژارە و خۆشی ئەندامانـدا هاوبەش بین و وەکو کۆمەڵێکی خێزانی گەورە لە دارستانەکەماندا بژین, بۆ ئەوەی کە لەبەردەست و بەدەستان هێناوە لە خۆبایی و دەرنەچن بۆ ئەوەش کە لەدەستان ئەچێت پەژارە و خەمتان نەبێت, لەکات و سات باشترین قازانج وەرگرن و کات بەفیڕۆ مەدەن با زانست و زانیاریتان سات بەسات زیاتر بکات, ئەمرۆتان وەك دوێنیّ نەبێت هەمیشە





لە گۆڕانکاری ڕوو بەچاکە بن, هەر شاد و سەرکەوتوو بن.

*******

پەیامی گۆریلی بەڕێز بۆ ئەنجومەنی دادوەران: بەڕێزان ئێوە بارەگای دادن پارێزەری مافی هەمووتاك و ئەندامێکن, ئەرکی ئێوە زۆر گرنگە (دادپەروەری و پارێزەری) بە ئەزمون و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و یەکسانی و سنگ فراوانی و خۆڕاگری ئەرکی خۆتان بەڕێوە ببەن,

گەورە ترین و بەهێزترین ئەندامەکانی دارستان لەگەڵ بچوکترین و لاوازترین و بێدەسەلاّتترینیان لە بەرامبەری



یاسا لای ئێوە یەکسانن هیوادارم بە باشی و چاکی دادپەروەری ئەرکی سەرشانی خۆتان ئەنجام بدەن هەرشاد و سەرکەوتوو بن.

ئێستا هاوڕێی ئازیز: لە کۆتاییدا مشتێك لە خەرواریێك نمونەی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی دارستانی گۆرێلئاوات بۆ باس دەکەم:

ڕۆژێك لەڕۆژان هەواڵیان هێنا چۆلەکە پاساریەکان زۆر جریوە جریوو جرتو فرت دەکەن وە لەم چڵەوە دەفڕنە سەر ئەو چڵ



وە ئاسایش و ئۆقرەی ئەندامانی دارستانەکەیان تێکداوە.

ئەنجومەنی داد بە چاودێری گۆریلی بەڕێز نوێنەری چۆلەکە پاساریەکانی بانگکرد

گۆریل ووتی:

من دەزانم ئێوە سروشتتان وایە بەڵام هەندێك ڕێز لە ئەندامانی دارستانەکەش بگرن وە مافیان پێشێل مەکەن, چاك وایە سنورێك بۆ خۆتان دابنێن با گلەیی و





شکاتتان لێنەکرێت نەکەونە بەر سزای یاسای دارستانەوە

******



ڕۆژێك بایەقوش کە لەسەر دارێك لە کەلاوەیەکدا چاودێری دەکرد هەواڵی هێنا مشکێك هەیە کە لەسنور و کونی خۆی لایداوە و دەچێتە کونە مشکەکانی تر و ئەوانیش ئاڵۆز دەکات!



مشکەیان هێنا بۆ خانەی داد,

مشك لە بەرگری خۆیدا ووتی:

ئەوە خەتای من نیە خەتای کێچە؟

وتیان چۆن؟

ووتی: لە بنی گوێچکەی مندا

دومەڵێك هەیە ئازارم دەدات و نەخۆشیەكی مەترسیداری پێوەیە, كێچ دێت بەسەر ئەو دومەڵەوە دادەنیشێت و خوێنی دەمژێت و میكرۆبەكەی لە منەوە دەگوێزێتەوە بۆ ئاژەڵە شیردەر و مرۆڤەكان, منیش لە تاوی ئێش و ئازاری خۆمدا بەم كون و ئەو كوندا ڕادەكەم, ئەو نەخۆشیەش (تاعون)ی پێدەڵێن ئەوەیە كە منیش ئۆقرەم لێهەڵگیراوە!



گۆرێل باش بۆ قسەكانی مشكی نەخۆش گوێی كرت,

ووتی:

بەڵێ ئێمە هەڵەی خۆمان دەخەینە ئەستۆی كەسانی تر وە ئەمە قەبوڵ ناكرێت با تۆ ئەوەندە نەجوڵێیت و مشكەكانی تریش توش نەبن سنورێك بۆ خۆت دیاریبكە و بڕۆ بە شوێن چارەسەری نەخۆشیەكەتدا, ئەگینا بایەقوش دەتخوات؟.





******

ڕۆژێك لە ڕۆژان دەزگای چاودێری هەواڵیان هێنا پشیلەیەك لە دارستانەكدا ڕووی كردۆتە شار و لە ماڵی هەژاریێ یەك كیلۆ گۆشتی هێناوە, كە توێژینەوەیان كردوە ئەو هەژارە ماوەی مانگێكە خۆی و خێزانەكەی گۆشتیان نەخواردوە, دادوەر پشیلەكەی بانگ كرد پشیلەكە



ووتی:

من بەوەم نەزانیوە و هەڵەم كردوە ئەو كارە دووبارە ناكەمەوە, كەروێشكێك لە خۆ بوردو ووتی باشە من بەچكەیەكی خۆم دەدەم بیبە بۆ ئەو ماڵە و لەوێ بەرەڵای بكە لە بری هەڵەكەت. دادوەر و پشیلە سوپاسی ئەو كارەیان كرد و كێشە چارەسەركرا.

*****

هەواڵیان هێنا پشیلەیەك دە ڕواتە ماڵێك و خاوەن ماڵەكە خزمەتی پشیلەكەیان دەكرد، ئەویش بە دزیەوە دەڕۆیشتە ژووری نوستنەكەیان و میز و پیسایی دەكردە سەر جێگەی نوستنەكەیان.



گۆریل فەرمانی لێكۆڵینەوەی دا:

پشیلەكە بۆ بەرگری لە خۆی ووتی:

بەڕێز دادوەر ئێمە چەشنی پشیلەكان بێ ئەمەكی و سپڵەیی لە سروشتماندایە گۆرێل ووتی :

من ئەوە دەزانم ئێوە پیسیش دەكەن دەیشارنەوە و بێ وەفان بەڵام سنورێك بۆ خۆت دابنێ وەخۆت لە ژیانی مرۆڤدا هەڵمەقورتێنە چونكی مرۆڤ بە توانایە و لە ناوت دەبات.

*****





لە فریاگوزاری هەواڵیان هێنا جاڵجاڵۆكەیەك لە نێوان كەپرەكەیدا كە خۆی تەنیوێتی گیری خواردوە و ناتوانێ دەرچێت،

بەشی فریاكەوتن چوون بە هانایەوە فریای كەوتن و نەجاتیان دا، پاشان بانگیان كرد بۆ لێپرسینەوە ووتی: من داوم تەنی بۆ ڕاو بەڵام خۆم كەوتمە داوەكەمەوە!



گۆرێل ووتی: ئەگەر چی سروشتی تۆ وایە بۆ بەدەست هێنانی خواردن و بەرگری لەخۆت كەپر دەتەنی بەڵام دەبێت سنور هەبێ و زوڵم نەكەی و بە بەشی خۆت ڕازی بیت و هێمنی و سنوری خۆت بپارێزی، مرۆڤ وتویانە هەر كەسێك داو یان چاڵ بۆ كەسێك دابنێ خۆی تێدەكەوێ! وریابە.....!

*******

هەواڵ نێران هەواڵیان هێنا لە نزیك دارستانەكەوە مارێك
پیاوێكی گەستوە و زۆر هیلاكە



كە ناردیان بەشوێن
ماردا مار ووتی:
من لە هەرێمی خۆم
خەریكی ئیشوكاری
خۆم بووم, ئەو پیاوە
قاچی بە كلكمدا نا
منیش لە تاوی ئازار
و بۆ بەرگری لە خۆم ئەوم گەست, ئەگەر قاچ بە كلكمدا
نەنێن من كەس ناگەزم.
گۆریل ووتی: بەڵام دەبێت هەر وریا بیت و بە ناهەق
كەس نەگەزیت و ئازارت بۆ كەس نەبێت.

*****





ڕۆژێك دووپشكەكان لە گۆرێلیان پرسی بۆچی مرۆڤەكان
ڕقیان لە ئێمەیە و بە هەق و ناهەق دەمانكوژن!
گۆرێل وەڵامی دانەوە:



ئێوە
سروشتی بە
هەق و ناهەق
دەگەزن و چز
دەدەن
مرۆڤیش
ئەوە دەزانێت
و لە یاسای
ئاژەڵیدا مافی
بۆ ئێوەش
داناوە,
ئێوەش ناتوانن ئەو سروشتەی خۆتان بگۆڕن ئەوەیە بە
بینینی ئێوە دەتانكوژن جاباش وایە ئێوەش واز لە مرۆڤ

بهێـنن و بەرچـاویان مەکـەون و خـۆڕاگر و خـۆ پـارێز بن.....

هەر شادبن .....کۆتایی

